کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە



**بۆ/ لایەنی پەیوەندیداری پەرلەمانی وحکومەتی هەرێمی کوردستان**

**بابەت/ ڕۆنکردنەوەیەکی پێویست**

ئەگێرنەوە موساییەك لە سەرەمەرگدا لە ئاینی جولەکە پەشیمان دەبێتەوە دەیەوێت ببێتە موسلمان ، بەڵام پێش ئەوەی شایەتمانی بە حەق بێنێت گیانی دەردەچێت و دە مــرێت دوای مردنی جولەکەیەکی نزیکی خۆی دەچێتە سەر تەمەرکەیی و پێی دەڵێت قور بە سەر تازە لە هەردوو دینەکە بوویت ، نە بە موسایی مردیت حەزرەتی موسا شەفاعەتت بۆ بکـــات نە بویتە موسڵمان بەر شەفاعەتی حەزرەتی محمدبکەویت ٠

==========================================================

پێش ئەوەی بێمە سەر نوسین دەمەوێت پرسیارێك لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بکەم ، کە بە وشەیەکی ناپلیۆن پرسیارەکەم ئەکەمەوە کە پرسیارەکە پێك هـــــــــــــــاتووە لە دوو بەش ناپلیۆن ئەڵێت ٠

١-هەر ڕێکخراوێك یان حزبێك گــــــــــەلی لە دەست داو نیشتیمانی بە دەستەوە ما ڕوخاوە

٢-بەڵام هەر ڕێکخراوێك یان حزبێك گەلی لە پشت بوو نیشتمانی لە دەستدا رووخــــانی محاڵە

ئینجا پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا پەرلەمان و حکومەتی هەرێم خــۆیان لە دێری یەکەم ئەبینن یان دووەم٠

---

بەرێزان دیارە هەموومان باش لەوە ئاگادارین کە شۆرشە یەك لە دوای یەکەکانی کوردستان، بەرهەمی خوێنی هەزاران شەهیدو ماندوو بوونی هەزارانی ترە ، کەسێك نەیتوانیوە بە تەنیا شۆرشێك بەر پا بکات و بە ئامانجی خۆی بگەیەنێت ، بۆیە بە پێویستی دەزانم کە ئەوەی لە توانام دا بێت ڕۆنکردنەوەیەك دەربارەی کوردستان و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەندامەکانیان بخەمە روو ، هیوادارم لا بە لا لێم تێنەگەن چونکە کەسێك نیم دژی حکومەت و پەرلەمان بم بەڵکو کەسێکم هەموو شتێکی جوانم پێ جوانە ، لە ئەنجامی دروست ئەو دام و دەزگایانەی سەرەوە کۆمەڵێك کادیر کە لایان وایە تەنیا شۆرشەکە ئەوان کردبێتیان دەستیان بە سەرداگرتووەو قسەی بریقەداری ئەوانمان زۆر گوێ لێ دەبێت ، کە کوێ لە ڕاگەیاندنە کوردیەکان دەگرین وا هەست دەکەین لە مەودوا کار ئاسانی زۆر بۆ ژیانی خەڵکی هەژارو بێ مەسئول دەچێتە

حاڵێکی باشترەوە ، بەلام هەر زوو دەبێتە بلقی سەر ئاو و کەس لە یادی نامێنێت چی وتراوە و بۆ چی وتراوە٠

وە گویٚ بیسی زۆری ئەوەش دەبین کە دەبێت چی بکەین بۆ قسەو باس لە سەر کردن لە سەر دەستوری هەرێمی کوردستان، عیلمانی یان دەوڵەتێکی اسلامی من پێم وایە شتێك هەیە کە بەر لە هەموو شتێك ئایا تۆ اسلامی یان عیلمانی کە دەبێت بیری لیٚ بکرێتەوە ، ئەویش ووشەی اخلاقە تکایە بە غەڵەت لێم تیٚ مەگەن کە باسی اخلاق دەکەم وا مەزانن کە هەستم وا بێت هەموو کەس لێی بیٚ بەشە بەو مانایە نیە تکایە ، بەلام هەر ولاتێك لە سەر شێوەی پەروەردەی اخلاقی کادیرو ئەندامی چالاك و دوور لە دزی و بە هەدەر دانی سامانی وولات دانرا ئینجا ئەتوانی بیر بکاتەوە لەوەی ئایا وولاتەکەی بەرەو ئاقاری دەوڵەتێکی عیلمانی بەری یان اسلامی ، بەلام تۆ پێش هەموو شتێك داهاتی کوردستان تالان ئەکرێت ، بە هەدەر ئەچێت ، فەسادی اداری ، اخلاقی لە وولاتی ئێمە باوە و کەس باسی لێوە ناکات ، بەلام دڵنیاتان کەمەوە تاکو ئێمەی کورد لە کۆمەڵێك بواری اخلاقی خۆمان چاك نەکەین و ئامادەباشی ئەوەمان تێدا نەبێت بۆ خۆ چاککردن من پێتان رادەگەیەنم ئێمە نە اسلامین نە عیلمانین ، ناشتوانین بەرەو هیچێك لەو دوو دەوڵەتەی ئێوە ادعای بۆ دەکەن بگەین ، دەمەوێت بە چەند خاڵێك پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم وە دەنگ بێنم ٠

١- تەمەنی حکومەتێك و پەرلەمانێك زیاتر لە (١٥) ساڵ تەمەنی بێت ٠

٢- نەتوانێت کێشەی نیشتەجیٚ بوون لە کوردستان لانی کەم (٥٠٪) چارە سەر بکات ٠

٣- ئاو کارەبای پێویست بۆ وولات دابین بکات ٠

٤- دەزگای چاودێری دارایی نەتوانێت لەگەڵ کەسێك اجرائات بکات کە خەریکە هەموو سامانی کوردستان بە تالان و دزی ئەبات ٠

٥- تاکو نەزانێت لە کوردستان زیاد لە مەسئول پیاووخەڵکی تریش هەیە پێویستی بە ژیانە ٠

٦- تاکو نەزانێت خەڵکی تر چۆن باسی حکومەت و پەرلەمان دەکات ٠

٧- تاکو نەزانێت ووشەی کادیر چیەو ئەرکی چیە ٠

٨- تاکو کێشەی سوتەمەنی چارەسەر نەکات ٠

٩- تاکو کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دانەنێت ٠

١٠- تاکو دزو ماخۆ لە یەك جیا نەکاتەوە ٠

١١- تاکو مەسئولێك دوو پۆست ببینیٚ ٠

١٢- تاکو پەرلەمان وحکومەت لە ووشەی هەڵبژاردن وووشەی ئازادی نەگەن ،

١٣-تاكو سەرف كردن و شێوەی سەرف كردنی داهات و داهاتی كوردستان بۆ خەڵكی كوردستان ڕۆن نەكەنەوە ٠

١٤- ئەندامی پەرلەمانتان هەیە لە هەردوو حزبەكە باوری بە بەرنامەی حزبەكەی نیە ، ئایا چۆن ئەتوانن ڕەفتاری لەگەڵ بكەن و چ وڵامێكی ئەوخەڵكە ئەدەنەوە چۆن جیٚ ی متمانەی ئێوە یە لە گەڵی دابنیشن٠

١٥- تاكو ئەندامی پەرلەمان تێنەگات دەست بەرز كردنەوە چی یە بە خۆڕای دەست بەرز نەكاتەوە ئایا ئەوەتان پیٚ باشە كەسێك پێتان بڵێت نیوەی لە ترسان نیوەكـــــــەی تر لە برسان دەست بەرز ئەكەنەوە٠

١٦- تاكو لێمان حاڵی نەكەن شێوەی دۆڵەمەند بوونی هەندێك كەس ئایا بە چی ئەو هەموو سەوەت و سامانەی پەیدا كرد لە ئێوە حەڵاڵ و لە ئێمە حەرام ٠

١٧- تاكو كلیلی تەواوی ئەو كێشانەی سەرەوە نەدۆزنەوە لای زۆری خەڵكی و تەنانەت منیش نە حكومەتم پیٚ حكومەتەو نە پەرلەمانیش پەرلەمانە ٠

فیصڵ چاوشین

رانیە /٢٠٠٧/٥/٢٥